# چالاکی یەکانی کەمپینی فدراسیۆن  دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی

بەدوای راگەیاندنەکانی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا، و دەستدانە حەملەیەکی گرتن و دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی  گرتن و راپیچ کردنی پەنابەرانی کورد،  بۆ نیو گرتووخانە دەست بەسەرەکان، دەستی پیکرد و ئەمەش بووە مایەی سەرهەلدانی دلەˇ راوەکی یەکی گەرە لەنیو پەنابەراندا وتائیستا ترس لەدیپۆرت کردنەوە بۆتە تارمایەکی کوشندە بەسەریانەوە. لەمبارەوە فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کەمپێنیکی بەرفراوانی پیچەوانەی ئەم سیاسەت وپەلاماردانە دەست پیکردووە و لەیەکەمین رۆژەکانی خۆیدا سەرجەم شارەکانی بەریتانیادەستی داوەتە چالاکی جۆراوجۆر و بەمەۆیەشەوە پەیتا پەیتا پەنابەرانی کورد وعیراقی پیوەی پەیوەست بوون و خۆیان ئامادەکردووە بۆ رووبەرووبونەوە بەرانبەر بەسیاسەتی دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا. ئەوەی لیرەدا دەیخویننەوە بەشیك لەوچالاکیيانەیە:

*– راگەیاندنی خۆپیشاندان لەچەند شاری بریتانیا لەوانە لندن، نوتیگهام، ستۆك ئون ترین، مانچستر، بیرمنگهانم و... ئەم خۆپیشاندانانە بۆ بەردەم ئۆفیسەکانی وەزارەتی ناو خۆ و کەنالی راگەیاندنی بیبی سی بەریدەخری..

*– بلاوکردنەوەی دەیان بەینامەو بانگەواز بەزمانەکانی عربی و کوردی وئینگلیزی بۆ نیو جالیەی کوردی و عەرەبی و هەروەها بانگەواز بۆپشتیوانی کردنی ریکخراوە مرۆڤدۆست و چەپ و ئینسانی یەکان و ئەحزاب و ئەندام پەرلەمانەکانی بریتانیا تالەپال خۆاستەکانی پەنابەران و فیدراسیۆندا رابووەستن.

*– لەئاکامی بانگەوازی راگەیاندنی کەمپینی فدراسیۆن بۆ بەرگری لەپەنابەرانی عیراقی ئەمرۆ (جین لامبیرت)ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا ئامادەی خۆی راگەیاند بۆ بەشداری لەخۆپشاندانی کەمپینی فدراسیۆن دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی و پشتیوانی لەپەنابەران ،هاوکات رێکخراوی مافی مرۆڤ راگەیاندنەکانی وەزرارەتی ناخۆی بەریتانیایان بەدرۆخستوە لەسەر ئەمن بوونی بەشێکی عیراق ،فدراسیۆن تەواوی دام ودەزگاکانی راگەیاندن و مدیدیا جیهانی و ناخۆیەکانی لەسەر ئەم کردەوە نائیسانیانەی کە ماوەیەکە گیراوەتەبەر بەرامبەر پەنابەرانی عیراقی ئاگادار کردوە ،هاوکات هەڵسوراوانی فدراسیۆن لەسەنتەری شاری نوتین هام و لەندەن خۆپشاندانیان راگەیاند.



*– کەنالی سەتەلایتی (الجزیرە) لەگەل بەرپرسی فدراسیۆن و کۆمەڵێك لە پەنابەران  لەبەریتانیا لەسەر ئەو هەنگاوانەی دەولەتی بەریتانیا گرتۆتی بەر بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی عیراقی ئاگادارکردەوە ،هەر ئەمرۆ هەواڵەکەی بلاوکرایەوەو .

*– کەمپینی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ بەرگری لەخواستە ئینسانی یەکانی پەنابەران لەنیو شارەکاندا دەست بەدەست کۆدەکریتەوە.

فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی  کەهەمیشە لەریزی پێشەوەی خواست و نارەزایەتیکانی پەنابەراندا راوەستاوە، سەنگەریکە بۆ پەنابەران کەلەئیستاو داهاتوودا لەتەنگوچەلەمەکانی پەنابەریتی وپەلامارەکانی دەولەت دەریان بکیشیت. کەوایە کۆبوونەوە لەدەروی فیدراسیون تاکە زانی خوساتەکانی پەنابەرانە. لەگەل ئێمەبن با بەخەباتی پێکەوەیی و یەکگرتوومان  بەر بەم فشارە بگرین  کە حکومەتەکەی تونی بلیر گرتۆتی بەر بۆ شەرعیت دان بە سیاسەتی ئینسان کوژی ئەمریکاو و نەزمی نۆی جیهانی کەی بەسەر خەڵکی عیراقدا ، لەم رێگایەدا ئێمە تەنها نین خەڵکی ئازادی خوازو ئیسان دۆستی بەریتانیا لەگەڵمانن.

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا**

**2005-8-19**